# من و خۆم لە نێوان حەمە کاکەڕەش و لەتیف هەڵمەتدا

**نووسینی**: **کرێکار عەلی**
krekarr@hotmail.com



چەند ڕۆژێکە دەنگۆی ئەوە هەیە لە سەر شاکاری (من و خۆم) ی حەمەکاکە ڕەش کە شاعیر لەتیف هەڵمەت دەڵێ مولکی منەو کاکە حەمە دزیوێتی ناوی منی نەهێناوە نە ئەمەوێ و نە پێشم دەکرێ ئەو قەرارە بەم کە بڵێم مولکی کامیانە..چونکە لەم کاتەدا قسەی کاکە حەمەو روون کردنەوەی ئەو دەبێتە سەنگی مەحەك نە ك قسەی من تەنها من دەمەوێ قسە لەسەر قسەکانی کاك لەتیف هەڵمەت بکەم کە لە گۆڤاری هەنار ژمارە 28 نووسیوێتی

دەڵێ ئەم شێوازە نووسینە مولکی منە !!! منیش دەپرسم کاك لەتیف شێوازیك هەیە لە ئەدەبدا مولکی کەسێك بێت؟؟ ئەوەندەی من بزانم مولکی شاعیر ئەو دێرە ڕێك و پێکانەیە کە دەینوسێت نەك فکرە یان ئەو خەیاڵەی ئەو کردویەتی چونکە چاوەروان کراوە کەسێ هەبێ لەم دونیایەدا پەی بەو خەیاڵە بەرێ کە تۆ هەتە یان هەمان خەونی تۆی هەبێ لەوانەشە یەك زمان نەبن لە ئاحاوتندا یەلاّم یەك خەیاڵ کۆتان کاتەوە لە یەك دەقدا من خۆم بڕوام بەو نی یە کە شاعیرێ لە دەرگایەکی دا ئیتر ئەو دەرگایە بکرێتەوە یان نا دەرگاکە کلۆم بدرێ و کەس باسی نەکات چونکە لەوانەیە لەو دەرگاکەوە کۆمەڵێ خەیاڵ هەبێ لە توانستی تاکێکا نەبێ بیانخاتە ژێر ڕکێفی قەڵەمی خۆیەوە بەلاّم مامۆستا گیان ئەگەر تۆ برۆات وایە کە شێوازی نووسین مولکی کەسێکە . کەواتە لەمەو دوا هەر کەسێ بە باش و خراپ لەسەر پایزی نووسی ئەبێ (محەمەد عمر عوسمان ) قبوڵی نەکات. یان هەر دەقێ هەبوو دەروێشانە و سۆفیگەرانە بوو دەبێ( هێمن مام نادر) بڵێ ئەو دزی یەو لەمن کراوە کەواتە دەرگای جوانی سروشتیش لە دوایی مامۆستا گۆرانەوە بۆ هەتا هەتایە داخراوەو هەر کەسێ باسی کات و بینوسێ دزە .

یان ئێوە وەك (مامۆستا شێرکۆ بێ کەس و تۆو ............ئەو چەند شاعیرەی تر کە ڕابەرانی شیعری تازەن بەم قسەیە بێت ئەبوو دەمێکە قبوڵت نەکردایە کە کەس لەم بابەتە تازەیە بنوسێت.

دەڵێی کاکە حەمە تۆشاعیریو شتی جوانت زۆرەو دەوڵەمەندی بۆیە شەڕە قەلەمت لەگەڵ ئەکەم پێش وەختیش دەڵێی ئامادەم جەنگی جیهانی سێیەم هەڵگیرسێنم ..... بە خۆت ئەڵێم مامۆستا ئەزانی شەڕە قەڵەم و جەنگی جیهانی زۆر دوووووورن.

وەیان دەڵێی دەمێکە ئەم شێوازەی من ئەدزرێ و دزراوە یەك پرسیارم هەیە مامۆستا گیان بۆ لە هەمووی بێ دەنگ بووی تەنها لە کاکە حەمە هاتیتە قسە؟؟ خوا نەخواستە ناڵێم ئەمە ناحەقیە کردووتە بەرامبەر کاکە حەمە حەقی خۆتە ئەگەر هی تۆیە بەس خۆزگە لەوانی تریش ئەهاتیتە قسە بۆ ئەوەی ئیتر لەمەوداوش خۆت ووتەنی کەس لە خۆیەوە شتی لەسەریان نەنوسیایە هەر کە ببینرایە باسی من و خۆم ئەکات یەکسەر ئەبێ بزانین کە لە ئەتلەسی شیعری کۆن و نوێی کوردیا کەس ئەمەی نەزانیوە تەنها مامۆستا لەتیف هەڵمەت نەبێت.